زەیتوونستان.. بەختیار محەمەد

ئەم ڕۆمانەم (نۆقلێتەم) سێ جار خوێندەوە و ئەم سەرنج و بۆچوونانەشم لەلا گەڵاڵە بوون:

- چیرۆکی (تیمەی = گرۆچنی) ئەم ڕۆمانە، چیرۆکێکی فیمینستییە. بەواتای سەرلەبەری پاڵەوان و کەسایەتییەکان ئافرەتن و ئەوان کارەکتەری سەرەکی هەموو ڕووداوەکانن. ئەوان گۆڕەرەوەن و ئەوان سەربردەچی و ئەوان حیکایەتخوان و حیکایەتبێژن.
ڕاستییەکەی ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکە، کە گۆڕەرەوەکەشی ئافرەتە (ئافرەتن) و ئەگەر نووسەرەکەی کەریم کاکە نەبا و ناوەکەی لەسەر نەبا، ئەوا حەتمەن دەمانگوت نووسەرێکی ژن نووسیویەتی. دایە زەیتوون دەڵێ: ((دوایەی ڕۆی زەیتونستان داخرا، لە کەزی زەر دابڕام، بۆ ماوەیێ ئاگام لێی بڕا، ئەوە بوو لە فەیسبووکێ دیتمەوە، زانیم لە گژ نووسینەوەی سەربردەی خۆی و خەڵکە، ئەوە دیسان بزرمکردەوە، هەموو ڕێگاکانی دیتنەوەی لە سەر خۆی داخستووە.
دەترسم منیش لەپێ بزر بم، بۆیێ بە باشم زانی ڕۆژانە شتێ لە سەربردەی خۆم و ئەو و ئەوان بنووسمەوە.)). ل 32
- کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە زۆربەیان شەرقانن: شەرقانی مێ.
- ناوی کارەکتەرەکان هەمووی ناوی نائاسایی و فانتازیین؛ لە ناوی کەسایەتی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دەچن. واتە ناوەکان ناوی خوازەی شیعرییین. بەنموونە: لەلای کەریم کاکە ئەفرینی دێ، بارینی گوێ، میدیای یارسانی… هەیە، لەلای بەختیار عەلی خەندانی چکۆلە، نەسەردەیننی بانخۆش، میدیای غەمگین… هەیە.
- کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، موسڵمان و جوولەکە و ئێزیدیی و فەلەن. ئەوان مرۆڤن. تەنها مرۆڤ، کە بێ ئازادی خۆیان و زەیتوونستان تێدەکۆشن و خەبات دەکەن. ئەوان نموونەی پێکەوە ژیانن. ئەوان دژی تیرۆری ((ئاڵای ڕەشن)). واتە تیرۆری چەتەکانی داعش.

((گوتم:
کاتێ ناڵەی زەیتوونستان هاتە گوێم، خۆم پێنەگیرا.
گوتی:
زەیتوونستان ئێمەمانان کردەکاتەوە.)).ل 43 – 44
زەمەنی گێڕانەوەش لەم ڕۆمانەدا لە زەمەنی کۆچی جوولەکانەوە

دەست پێ دەکا، واتە لە کۆتایی دەیەی چلی سەدەی ڕابردوو، تا ساڵانی دەیەی بیستی سەدەی بیست و یەك دەخایەنێ.

- یەکێك لە تایبەتمەندییە باشەکانی ئەم ڕێمانە ئەوەیە، کە بە کورتی و پوختی و بە چڕی و بە زمانێکی کوردی پاراو و ڕەوان نووسراوە. ئەمەش هۆکارێکە، کە خوێنەر ((کەمەندکێش دەکا)) تا کۆتایی بیخوێنێتەوە.
- شۆوازی گێڕانەوە لەم دەقەی کەریم کاکەدا، شیوازێکی ئاڵۆزە (تەمومژاوییە). ئاڵۆز بەو واتایەی یەك گێڕەرەوە (وەك ڕێمانە تەقلیدییە واقیعییەکان) ڕووداوەکانی ڕێمانەکەمان بە زنجیرەیەکی ڕێك و ڕاست بۆ ناگێڕێتەوە؛ بەڵکو چەندین گێڕەرەوە لە وەخت و سەردەمی جودادا و لە زەمەنێکی نالۆژیکی پەرش و بڵاودا سەربردە و ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕنەوە.
- دەق دەبێ خوێنەر بخاتە مەراقەوە: مەراقی سەرلێدەرکردنی. مەراقی چۆن خڕی لە ون بوون و سەرلێشێواندنی ناو دارستانی دەق (وك ئیمبرتێ ئیکۆ ناوی لێ دەنێ) ڕزگار بکا و ڕێگا و دەریچەیەك بدۆزێتەوە بۆ ڕزگار بوون. لە دەقدا واتای چۆڕ لەم مەراق و سەرلێشێوانەدایە. ئەم دەقەی کەریم کاکە وامان لێ دەکا: هەردەم دووچاری دڵەاوکێ و مەراق و سەرلێشێواندن و هەڵوەستەکردنمان دەکا. ئاڵۆزیی ئەم دەقە لەوەدایە، کە خوێنەر سەراسیمە و سەرگەردان دەکا. هەر بە فیعلی زمانی (شۆوازی گێڕانەوەی) ئەم دەقە وەك دارستانێکی گەورەی چڕ و پڕ، کە هەست و درکی خوێنەر لە ناو خڕیدا ون دەکا، بۆیە خوێنەر دەبێ هەوڵی یاری خۆدەربازکردن بدا. چۆژی خوێندنەوەی ئەم ڕێمانە لەم یارییەدایە.
- لەم ڕێمانەدا لە زێر جێگادا زمانی خوازە (ڕەمز) زاڵە. بەنموونە ڕۆژئاوا (عەفرین و کۆبانێ). شاری خڕ هێمایە بۆ هەوڵێری بەر لە سەردەمی کۆچی جوولەکە و هەوڵێری دوای ئەو سەردەمەش. شاری فەرهوودیش وا تێبگەم هێمایە بۆ بەغدا : ((لە کۆتانی تەنەکەچیان قاوەیخانەیێ هەبوو، دانیشتم، قاوەیەکم گازکرد، دیار بوو شاگردەکە زمانی شاری خڕی نەدەزانی، بە زمانی شاری فەرهوود خڕشهاتنێکی خڕشی لێکردم، منیش هەر بە زمانی شاری خڕ وەڵامدایەوە، پیاوێکی بە تەمەن بەرانبەرم دانیشتبوو، چاوی لە سەرم هەڵنەدەگرت، بە زمانی شاری خودا…)). ل 183 لێرەدا باشتر لە واتای وەسفی شاری خڕ (هەوڵێری جاران) تێدەگەین: ((وای دەستی شکاوم بێ جوولەکە، دوای کۆچی ئەوان، ئەو شارە جوانیی پێوە نەما، بەرەی ئێمە هێندە سووکایەتییان پێکردن نەبێتەوە، ئەوان بە

دەستی ئەمەوە تاقاو و زوخاوی زاریان چشت…)). ل 210 پەدەچێ شاری خوداش هەما بێ بە قودس (ئورشەلیم). شەمەندەفەری کۆچیش هەمایە (خوازەیە) بێ کۆچی جوولەکان. لەمەوە دەتوانین بەم ئامانە بڵێین، کە ئامانکی هەمزییە (هەماییە).

- لە هەندێك شوێنی ئەم ئامانەدا، خەیاڵکی ئەدەبی جوان تەونی شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەچنێ. بەنموونە تەماشای ئەم خەیاڵە (خوازەیە) بکە: ((پێاوی بن بالیفم دەرهێنا، لە سەر ئەو مێزەم دانا، بە بەر چاومەوە پێاو بووە پێنج پشکی گەش، هەر پشکێ بە قەد گای مەمکە، دوای تاو، پشکەکان لە شوێنی خۆیان بە ئیز کەوتنە سەما و هەڵپەکێ، زۆری نەبرد پشکەکان شێوەی پیتیان وەرگرت، ئای!…)) 157 یان: ((من چاوم هەر لە سەر تاکە پێاو بوو، دیتم دەجوولایەوە، لە پێ بووە سمێرە، لە چاوتروکانێ بە منارێ ڕوناهیدا هەڵگەڕا، لەو دوورەوە دیتم لە سەر سەرەوە، لێمدەوانێ، منارە تا دەهات نزیکتر دەبۆوە دەستم کەمێ درێژتر با، سەری پەنجەم دەگەیشتە پێاوی بە سمێر بوو، هاوارمکرد: دادە، ئەها پێاوەکەم بێتە سمێرە)). ل 167
- وادیارە نووسەر خۆشی لە ناو ئامانەکەدا پاڵەوانکی لاوەکییە: ((… وای لێهات، ئاخافتنی لەبیرچۆوە، تەنها یەك وشەی گێ دەکرد، ناوی کۆە ڕەشتارەکە، ناوە ناوە سێ جار دەیگێتەوە: کەریم، کەریم، کەریم.)). ل 171
- ئەم دەقە کۆپلە شیعری زێر جوانیشی تێدایە، وەك:

هێ هێ کیژە جوو
لە دوای کۆچی توو
دێ بووە سووتوو
بە با و ئاودا چوو… ل 208

- لە هەندێك شوێن و لە هەندێك گفتوگۆدا، پێ بە دێ لە ناخەوە پێدەکەنیم و پێکەنینم دەهات. بەنموونە لەو شوێنەدا کاتێك گوێئەندام (گوێنار) لە دوکانداڕە چوارشانەکە دەپرسێ: ((لە بن پێت چی هەیە؟
تەماشای بن مێزەکەی کرد و بە سەرسوومانەوە:
کاشی، بۆچی دەپرسی؟
گوتم:
ئەدی لە بن کاشیەکە چی هەیە؟
بە پێکەنینەوە:
پوورێ دیارە ئەوێ بە منت گرتووە! لە بن کاشیەکە زیخ و چەمەنتێ و بەرد و خێ و…

گوتم:
ئەدی بن خ□ەکە چی تێدایە؟
تێگەیی ئاسایی نیم، بە بزەیەکی شیرنەوە:
نازانم، تۆ بڵێ.
گوتم:
گۆڕی براکەم ڕۆك لە بن پێی تێیە.
کابرا هەستایەوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە:
پلە، وەرە دانیشە، با ئاوڕکت بۆ بهێنم.
گوتم:
گۆڕی باپیر و نەنکیشم وا لە بن دیوارەکە و ئەودیون.
گوتی:
فەرموو، چی دەخوازی، تا بۆت بکەم.
گوتم:
سوپاس، ماڵت ئاوا.)). ل 191 – 192

- هەڵەیەکی ڕێنووس هەیە، بەنموونە جودانەکردنەوەی پاشگر و کاری (دا) لە دوای ئەو وشانەی، کە ڕاستەوخۆ لە دوایانەوە دێن. بەنموونە لە ڕستەی :((کاپتنیش پێیەکی لە دەستدا)) ل 210 (دا) لێرە کارە، نەك پاشگر، بۆیە بۆ جواداکردنەوەی لە (دا) ی پاشگر، وا ڕاستتر و باشترە، کە وەك وشەیەکی واتادار سەربەخۆ بنووسرێ، هەرچی (دا) ی پاشگرە پێویستە بە وشەی پێش خۆی بلکێ، وەك ((لە خەونمدا)).
- هەست دەکەم نووسەر لە بە کار هێنانی پاشگری (ەوە) زێدەڕۆیی دەکا و هەندێ جار لە شوێنی نەگونجاو و نەشیاو بە کاری دەهێنێ. بە نموونە لە ڕستەی ((بە زۆر خستیانە ناو تۆمبێلەوە…)). ل 83 وای بۆدەچم، کە ئەم پاشگرە لێرە زێدە و نەشیاوە، بەسە بگوترێ بە زۆر خستیانە ناو تۆمبێل… ناو تۆمبێلێ… ئەم پاشگرە لە سڵێمانی لە بەرانبەر پاشگری (ێا) ی هەولێرە. بەنموونە لە سڵێمانی دەگوترێ: ((لە منەوە… لە سڵێمانییەوە…))، لە هەولێر دەگوترێ: ((لە منەا… لە سڵێمانیەا…)).
- لەم دەستەواژەیە تێناگەم: ((لە سەر دەرگایە))، لە پاڵستە و شاڵستەی: ((ئێستا لە سەر دەرگایەێ، ئەو ژنە ماوەیەکە پیشەی دانیشتنی سەر دەرگایە.)). ل197 نازانم مەبەستی چییە؟ ئایا ئەم دەستەواژە هەڵە نییە؟ من زانیومە دەگوترێ: ((لە پێش دەرگایە… پیشەی دانیشتنی پێش دەرگایە)). مەبەستی لەسەر دەرگا، ئایا دانیشتنی سەر کۆسپەیە؟ لەلای من ڕوون نییە. دەشێ من ئاگام لەم جۆرە گوتە و دەربڕینەێ نەبێ و بە هەڵەدا

چووبم.

- لە وشەی ((لەمەچترانە)) تناگەم و نازانم مەبەستی چییە؟ ئایا مەبەستی لەمەباشترەیەیە؟ تۆ بڕوای هەیە چاپ نەبێ؟ ل 59
- وای دەبینم، کە کەریم کاکە – مادەم ئیمان دەنووسێ – پتر بایەخ بە لایەنی ڕەشنبیریی دەروونناسیی بدا؛ ئەم بواڕە بە ئیماننووس و نووسینی ئیمان یەکجار پڕویست و گرنگە. ئەمە بە هەموو نووسەرێك و هەموو ئیماننووسێك ڕاستە.
- ئیمان (ئەدەب) زادەی خەیاڵە. ئەم ئیمانەی کەریم کاکەش تژییە لە خەیاڵی ئەدەبی دانسقە و جوان. هەر خۆی لە خۆیەوە خەیاڵی وێناکردنی پڕاو بە کۆتر و سمێرە، خەیاڵێکی فانتازی ئەدەبی شیرینی جوانە. ڕاستییەکەی ئەدەب لە خەیاڵ دابڕی و داماڵی، لە ئەدەب بوون دەکەوێ و هیچ ماڤێکی بەسەر ئەدەبەوە نامێنێ. ئەدەب واتە داهێنان، داهێنانیش لە ڕۆی خەیاڵ و بیرکردنەوە نەبێ هەرگیز بەدی نایێ. لەمەوە ئەو ئەدەبەی (ئیمانەی) لە خەیاڵ هەژارە، ئەدەبێکی کرچ و کاڵ و هەژاریشە.
- دانی پێدا دەنێم، ئێستاش لە پاش دوو جار خوێندنەوە، بە تەواوی سەرەدەریم لە واتای (تیمەی) ئەم ئیمانە نەکرد و لە مەراقی تێگەیشتنی خۆی هێشتمیەوە. هەبەت ئەوەی وای کرد ئەم ئیمانە بخوێنمەوە و لێی بەردەوام بم، شێواز و زمانی دەربڕینەکەی بوو (واتە تەکنیکی گێڕانەوە و ڕەحە ئیستاتیکییەکەی). هەبەت ئاڕەزی و تەماندنی واتاکەشی (بە هۆی تەکنیکی ناتەقلیدی شێوازی گێڕانەوەکەی)، بەدەر نییە لەم هۆکارانە.
- بەڵام ئێستا، کە کردمە سێ جار خوێندنەوە، باشتر لە گوتاری پشت پەردەی شێوازی گێڕانەوەی ئیمانەکە تێگەیشتم.
- من کە سێ جار بتوانم کتێبێك بخوێنمەوە، واتە - لە گۆشەنیگای خۆمەوە – ئەو کتێبە کتێبێکی باشە، چونکە ئەگەر باش نەبێ و چێژبەخش نەبێ، چۆن دەتوانم و حەوسەڵەم هەیە، کە سێ جاران لەسەر یەك بیخوێنمەوە؟ بڕیە دەڵێم دەست خۆش کاریم کاکە بێ ئیمانە جوانەکەت.

ژێدەر: کەریم کاکە، زەیتوونستان بە پڕاوی پیرۆزەوە / ئیمان، چاپی یەکەم – 2021

بەختیار محەمەد

تۆنی بلێر و قاسم سولەیمانی تاوانبارن نەک پاڵەوان.. نوری بەشیر

ئەم هێزانە لەلایەن هەردوو حکومەتی بەریتانیا و ئێران و دارودەستەکانیانەوە خەریکی پاڵەوانسازین بۆ دوو تاوانبار، تاوانبارانێک کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کۆمەڵکوژی و تاوانی ئەمانەی بیرناچێتەوە.
ئەم حکومەتانەی کۆمایەتی کە کۆمەڵگە بەزەری دەستاتی نەگریسی سیاسی و ئابووری و سەربازی بەسەر دەبەن، هەر بۆ شۆوێش دیانووت تاوانبارانی کۆمەڵکوژی بکەنە پاڵەوان.
ئەم دەستاتدارانەی سەرمایەداری پێیانوایە بەرژی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست لە دنیادا نوستووە. لەکاتێکدا ئەم حکومەتانە لە هەندێ شوێنی دنیادا بەکرێگیراوی سەربەخێیان ئامادە دەکەن بۆ ئەم مەیدانی پاڵەوان بازیە، ئەوا هێزی ملیۆنی خەڵک لەدنیادا پێچەوانەی ئەمانە ناڕازایەتی دەردەبڕن.

یەکەم:
لە بەریتانیا خەڵاتی پاڵەوانێتی لەسەر پێشنیاری دووەت و لەلایەن مەلیکەوە درایە تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا. بلێر لەگەڵ جۆرج بوشی سەرۆکی پێشوتری ئەمریکا کە بەگەورەترین تاوانبارانی کۆمەڵکوژی لە کۆمەڵگەی عێراق دادنرێن بەوەی بەیاری جەنگی عێراقیان دا.
ئەو تاوانبارانە و حکومەتەکانیان هەکاربوون لە کوشتنی سەدان هەزار ئینسان و ئاوارەیی چەندین ملیۆن کەسیتر و نوقمکردنی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان لە گیژاوی ئایندەی نادیارو دەستاتداری هێزی ملیشیای ئیسلامی و قەومی تاسەر ئەسقان کانەپەرست و دژی ئینسان کە تا ئێستاش درێژەی هەیە.
لە کاتێکدا هەر ئەوکات ریزی چەندین ملیۆنی خەڵک لە بەریتانیا و دنیادا ڕاژانە سەر شەقامەکان بەدژی جەنگ بەناو تۆنی بلێر و بەشی کوە بەباکانە جەنگکیان بەرەخست کە تا ئێستاش خەڵکی عێراق و کوردستان باجەکەی ئەدەن، هەروەک چۆن گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق

خەڵکەکەی باجەکەیان دا.
لە یەکەم ساتەکانی بڵاوبونەوەی ئەم هەواڵەی دانی خەڵاتی پاڵەوانی بە تۆنی بلەر وەک پاڵەوانی بەرژوازی و حکومەتی سەرمایەداران لە جەنگ و کەمەکوژیدا، ناڕازایەتی زیاتر لە یەک ملیۆن ئیمزا بەدژی ئەم بڕیارەی حکومەتی بریتانیا و مۆلیکەی دەستپێکراوە، کە دەڵێن بلەر بەهیچ شێوەیەک شایستەی خەڵات نیە.

لەکاتێکدا لە ئاستی دنیادا بەرەی ئازادیخوازو مرۆڤدۆست ناڕازایەتیان بەم بڕیارە دژی ئینسانیە دەردەبڕن، داوای دادگاییکردنی ئەم تاوانبارانەی بەرخستنی جەنگ و پاڵەوانە دەستخەناویانە دەکەن کە دەستیان لەبرسیکردن و کوشتاری خەڵکدا هەبووە، بەڵام ئەم حکومەتانە تاوانباران دەکەن بە پاڵەوان بە ئاوەژووی ڕوخساری دزێوی ئینسانکوژی و برسیکردنی خەڵک و جەنگکانیان لە سوریا، یەمەن، عێراق، ئێران، سودان، سۆماڵ و کوردستان بە جوانی نیشانبدەن، ئەمەیە کارنامەی سەرمایەداری و دەسەڵاتکەیان لەهەر جێگایەکی ئەم دنیایەدا.

دووەم:
لە یادی دوو ساڵەی کوژرانی قاسم سولەیمانی کە فەرماندەی هێزی قودسی سپای پاسدارانی جمهوری ئیسلامی ئێران بوو لەلایەن ئەمریکاوە کوژرا. ئەم پاسدارەی جمهوری ئیسلامی وەک فەرماندەیەکی تیرۆریست لەدنیادا دەناسرێت. جمهوری ئیسلامی ئێران خۆی وەک ڕژێمێکی هاری سەرمایەداری ئیسلامی سەرچاوەی نەهامەتیە نەک تەنها بە خەڵکی ئێران بەڵکو لەناوچەکەدا کە بەردەوام تاوانباری وەک سولەیمانی دروستدەکات. حکومەتی ئێران بە ساڵیادی ئەم فەرماندە تاونبارە تیرۆریستەی لەناوخۆی ئێران و دەرەوەدا لەڕگای سەفارەتکانی و ئەلقە لەگوێکانیەوە بە یادکردنەوە و پێکەر بە دروستکردن و وێنە هەواسینی دیۆوەت، وەفای خۆی بە ئەم ئینسانکوژە بخاتە بەردەم هاوشێوەکانی ئەم پاسدارە.
ئەوەی جێگای دیاربوو لەم یادەی سولەیمانی تیرۆریستدا حزبەکانی کوردایەتی؛ یەکێتی و پارتی و سەرانیان وەک نوکەرێکی ئەڵقە لەگوێی جمهوری ئیسلامی ئێران و وەاتانی ناوچەکە گەرمتر لە جمهوری ئیسلامی ئەم یادە دەکەنەوە و فراوانتر و دەسزانەتر لە جمهوری ئیسلامی ئێران شۆڕن بە ئەم تیرۆریستە دەکەن و وەک پاڵەوانی ڕزگارکەری خەڵکی کوردستان نیشانی دەدەن.

لە کاتێکدا لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازی؛ ئێران و عێراق و کوردستانەوە پێکەر و وێنەی ئەم جەلادە تیرۆریستە دەسوتێنرێت.

بەرامبەر سەرانی حزبەکانی ناسیونالیزمی کورد بگۆڕو بچوکەوە شیوەنی بۆ دۆکان و دیانووت بۆ پاشوان بیناسنن.
خەڵکی عێراق، لوبنان، سوریا، یەمەن و کوردستان کە گەلێک نۆگبەتیان بەسەردا هاتووە بەهۆی سولەیمانی و حکومەتە تیرۆریستیەکەیەوە، کەچی ناسیونالیزمی کورد یادی دۆکنەوەو بە کەسکی باش دەیناسنن. لەکاتێکدا سولەیمانی یەکەمین کەسێک بوو کە خوەینی بە سەرکوتی شۆشگێران و ئازادیخوازانی کوردستان ئاو ئەرکەی پەسپارد.
قاسم سولەیمانی و حکومەتە ئیسلامیە تیرۆریستەکەی بەسەدان کەسیان لەئەپۆزسیۆنی ئێرانی لە کوردستان تیرۆر کرد. ئێستاش حکومەتەکەی قاسم سولەیمانی ڕۆژانە ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستانی ئێران و کوردستان لە زیندانەکان توند دەکات و لە سێدارە دەدات، بەڵام سەرانی حزبەکانی کوردایەتی مەراسیم بە قاسم سلەمانی دەگێڕن.
سەرانی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی کوردایەتی فەرن ڕۆژێک بەسەری سەدامیاندا هەڵدەو ڕۆژێکیتر لەسەر قەبری خومەینی ئۆگریان و جارێکیتریش بەسەر ئێردوگاندا هەڵدەدەن کە هەموویان نێک تەنیا دژی خەڵکی کوردستانن بەڵکو دژی خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی عێراق و ئێران و تورکیاشن.

ئەم حزانەی کوردایەتی هەرگیز درێغیان نەکردوە لەپەناوی ماناوەی دەسەڵاتی میلیشیاو بنەماڵەیی خۆیاندا ئۆگەر کوشتارگەی ئینسانیش دروست بکرێت، هەروەک چۆن پشلەشکریان کرد بە هەنانەوەی حەشدی شەعبی بە کوردستان، پشلەشکریان کرد بە دەبابەکانی دەوڵەتی تورکیا، پشلەشکریان کرد بە دەبابەکانی سەدام حسین و هەروەها کاتێک بوش و بلێر ویستیان لە عێراق بدۆن ئەمان دەستوەدامان چاوەڕێی بیاری جەنگ بوون بەرامبەر خەڵکی عێراق، ئاوەش ئۆنجامدراو ئێستا ئاوان لەسەر خوێن و لاشەی ملیۆن ئینسان دژین و بە دەستکەوتی دژانن.
لەکاتێکدا ئەم دوو حکومەتەی سەرمایەداری لە ئێران و بەریتانیا ژمارەیەک لە ئەقڵەگوێیان لە چەشنی ناسیونالیزمی کورد، وەک کەمایەتیەکی نەتەنەرانی بەرژوازی و سەرمایەداران دیانەوێت تاوانبارانی وەک تۆنی بلێر و قاسم سولەیمانی بکۆنە پاڵەوان، بە ملیۆن خەڵکی ئازادیخوازو مرۆڤدۆستی جیهان نە بلێر بە شایستەی خەڵاتی پاڵەوانێتی دژانن و نە سولەیمانی بە شایەنی یادکردنەوە و ڕۆزگرتن دژانن، بەڵکو ئەمانە وەک تاوانباری جەنگ و کوشتاری بەکەمەڵی خەڵکی مەدەنی دەناسن و هەر حکومەت و حزب و کەسایەتیەکیش بەرگری لەمانە بکات، وەک ئاوان سەیریان دەکەن.

٩ی جەنیوەری ٢٠٢٢

کارگەکانی جگەرە لەهەرێم لەناوبران و ساڵانە بایی ملیۆنان دۆلار جگەرە هاوردە دەکرێت.. هەسوە بەسکێنی

خاکی کوردستان خاکێکی نەرمان و بەپیت و گونجاوە بۆ کشتوکاڵ، بەپێی کات و سەردەم و پێویستی دانیشتوانەکەی هەرچیان مەبەست بووبێ چاندوویانەو پێویستی خۆیان جێبەجێ کردووە، لەبژێوی و گەشەکردنی ئابووری وڵات و لایەنی بازرگانی، بەم پێیە لەگەڵ ناسینی تووتن، بەپێی ڕێنمایی حکومەت و بەهۆی سوودو بەشتی بەرهەمەکەی، خەڵك ڕوویان لەچاندن و بەرهەمهێنانی تووتن کردووە، هەناردەکردن و نایابی بەرهەمی تووتنی کوردستان و داخوازی لەسەر بەرهەمەکەی، حکومەتی عیراقی گەیاندە ئەو ڕایەی زیاتر گرنگی بەبواری تووتن بدات و ئاوڕ لەناوچەکە بداتەوە، لەبەرئەوە حکومەتی عیراق بەپێویستی زانی کارگەی جگەرەی سلێمانی وەك یەکەم کارگەی پیشەسازی لەساڵی١٩٥١ بەردی بناغەی دانرا، لەسەر شەقامی سالم، شوێنەکەی لەباشترین شوێنی سلێمانییەو تائێستاش هەر بەکارگەی جگەرە ناودەبرێت، کارگەکە تەواوکراو لە١٩٦١ بەرهەمی جگەرەی خستە بازارەوە، دواتریش کارگەی جگەرەی هەولێر بنیات نرا، ڕۆژانە لەکارگەی جگەرەی سلێمانی دەزگەکان بەکاردەخران و لەهاتوچێی کارمەند جمەی دەهات، بووە هۆی دابینکردنی هەلی کار بۆ سەدان خەزان، ڕۆژانە هەزارو٧٥٠ کارمەند خەریکی بەرهەمهێنانی جگەرە بوون، کارگەی جگەرە ڕۆژبەڕۆژ لەگەشەکردن دابوو، زۆرترین بەرهەمیان دەخستەبازارەوە، بەرهەمی هەردوو کارگەی جگەرەی سلێمانی و هەولێر لەساڵی1989 زیاتر لە٧٢ ملیۆن گۆز جگەرەبووە، ئەمەش بۆ ناوچەکە هەلێکی باش بوو، لەگەڵ بەرهەمهێنانی جگەرە سەرەڕای بواری پیشەسازی، کەرتی کشتوکاڵیش گەشەی کرد.

لەکاتی خۆیدا کارگەی جگەرە ڕۆی باشی بینی لەبوژانەوەی کەرتی

کشتوکاڵی و ڕەخساندنی هەلی کار لەڕێگای بەرەودان بەزەوییە کشتوکاڵییەکان، بەتایبەت لەچاندن و بەرهەمهێنانی تووتن، بەشێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی سنووری پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی و هەرێم بەگشتی توتنیان بێ ئەو کارگەیە بەرهەمدەهێنا، بەهۆی گۆڕینی سیاسەتی پیشەسازی لەکەرتی حکومییەوە بێ کەرتی تایبەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان کارگەکانی جگەرەی داخستن، سەرباری پەکخستنی بەرهەمی جگەرە، کارمەندەکانی کارگەکەش بوونە بارێکی قورس بەسەریەوە.

بەرهەمەکانی کارگەی جگەرەی سلێمانی

بەخستنە بازاڕی بەرهەمی یەکەمین کارگەی جگەرە، سلێمانی ١٩٤٥کی گرنگی بینی لەبواری پیشەسازی تووتن و بێ ماوەیەکی زۆر پێشەنگایەتی لەسەر ئاستی پارێزگاکان تۆمارکرد، کارگەی جگەرەی سلێمانی یەکەمین بەرهەمی خۆی بەناوی جگەرەی (شعار) خستە بازاڕەوە، دواتریش هەر لەژێر ئەو گۆرانکارییانەدا چەندین ناوو جۆری تری جگەرەی بەرهەمهێنا، کەبریتی بوون لە: (جگەرەی غازی، جمهوری دا، سێمەری مقەبا سپێش، بەغدای مقەبا سپێش، سێمەرو بەغداو پاکەت رەقیشی هەبووە، ڕِانیە…هتد) لەپاش راپەڕینی گەلی کوردستان جارێکی تر هەوڵی بنیاتِ نانەوەو خستنەگەڕِی کارگە دراو یەکەمین بەرهەمی سەردەمی حوکمڕِانی کوردی بەناوی (سان) خستەبازاڕ. بەردەوام نەبوونی کارگەی ئیفلیج کرد، ئەگینا دەیتوانی بەشداری دابین کردنی بڕێکی زۆر لەمووچەی فەرمانبەران بکات.

داخستنی کارگەکانی جگەرەی هەرێمی کوردستان

هەردوو کارگەی جگەرەی هەولێر و سلێمانی دەیتوانی باشترین بەشداری بکات، لەبوژانەوەی وڵات و بەگەڕخستنی لایەنی ئابووری، لەکاتێکدا کارگەی جگەرە کرداری سووتاندن و کەمترین زیانی ژینگەی نییە، کەچی بەڕیانووی پیسکردنی ژینگەو پێویست نەبوونی کارگەی جگەرە، لەبری بەرەودان بەکاری بەرهەمهێنانی جگەرە، هەردوو کارگەی هەولێرو سلێمانی داخران و لەکار وەستێنران، لە 30/4/2002 کارگەکەی جگەرەی هەولێردرا بەکەرتی تایبەت و لە٣١/٣/٢٠١٣یش کارگەی جگەرەی سلێمانی کرایە دیاریی ناسناوی پایتەختی ڕۆشنبیری، بەمەبەستی کردنەوەی سەنتەرێکی کولتووری لەپایتەختی ڕۆشنبیری، خاوەندارێتی کارگەی جگەرەی سلێمانی لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی گواستەوە بێ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

ئەو بڕیارەی حکومەت لەداخستنی کارگەکانی بەهەمهێنانی جگەرە لەکاتێکدایە کارگەی جگەرە یەکێکە لەپڕداهاتترین کارگە

پیشەسازییەکانی دنیا، بەرهەمهێنانی جگەرە بەهیچ جۆرێك زیان ناکات، وەك دەگوترێ ئەگەر بەرهەمی زیادبکات ١٠٠% قازانجی بێت، ئەوا بەرهەمی تووتن و جگەرە ٥٠٠%ی قازانجە.
بەهەندنەگرتن و داخستنی کارگەکانی جگەرە، بەرهەمهێنانی تووتنیشی بەیەکجاری لەناوبردو بووە هۆی شکستی بەرهەمهێنانی تووتنی کوردستان و پەکخستنی کەرتی کشتوکاڵ و بێکارمانەوەی هەزاران جوتیار و شکستی بەرهەمهێنانی جگەرەی ناوخۆ، سەرەڕای کێشەی تەندروستی، جگەلە زیانەکانی داخستنی کارگەکانی جگەرەی هەرێم، ئێستا ساڵانە بایی ملیۆنان دۆلار جگەرە لەدەرەوە هاوردە دەکرێت، کاتێ کوردستان خاوەن کارگەو بەرهەمهێنانی تووتن بوو، بەشکی کەمی پارەکەی بۆ هاوردەی جگەرە دەگێشتە دەرەوە، بەڵام ئێستا گۆڕانە لەسنووورەکان بەڵشاو پاکەت دێتە کوردستانەوە، جگەرەی تێکەڵ بەمادەی کیمیایی و نەپشکنراو هاوردەی کوردستان دەکرێت، دەکرا حکومەتی هەرێم گرنگی زیاتر بەو کارگانە بدات و بەرهەمی ئەو کارگانە لەبووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریدا کەکیان لێ وەربگیرێت.

هەرێمی کوردستان و باشترین جۆری تووتن

بێگومان هەرێمی کوردستان خاوەنی باشترین تووتن و جۆری ئەو تووتنەی لەکوردستان بەرهەم هاتووە، سەرتۆپی تووتنەکانی دنیابووە، بەهۆی گەڵای بۆندارو سروشتی وەك تووتنێکی ناوازە ناسراوە. بەپێی زانیارییەکان باشترین تایبەتمەندی تووتنی کوردستان تێکەڵ نەبوونی بەمادەی کیمیایی، پسپۆڕانی تووتنی سەرسام کردووە، چونکە تووتنی بەرهەم هاتووی پێشووی کوردستان، هیچ مادەیەکی کیمیایی و ناکیمیایی لەگەڵیدا ناتوێتەوە، بەم پێیە زیانی کەمترە لەو جگەرانەی مادەی کیمیاییان لەگەڵ تێکەڵ کراوەو ئێستا لەبازاڕەکانی کوردستان دەفرۆشرێن.
بێگومان سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات زۆرن و لەم ڕووەوە تووتن کۆڵەگەیەکی پتەوە، بەتایبەت کەکوردستان کەشوهەوایەکی لەباری بۆ چاندنی تووتن هەیە، ئێستا کەتەنگژەی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەجۆرێك دەستەوەستان کردووە، پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی بۆ سەختەڕۆ، ئاوەدانەوە لەکەرتی کشتوکاڵ و بژێوەدان بەبەرهەمی تووتن، جگەلە دابین کردنی هەلی کار بۆ هەزاران جوتیارو کرێکارو فەرمانبەر، دەکرێت لەبنیاتنانەوەو پتەوکردنی ژێرخانی ئابووریی پشتی پێ ببەسترێ و کارگەکانیشی وەگەڕ بخرێتەوە.

خۆکی تورکیا لەسەر جلۆ فڕۆدراوەکانی ناو زبڵگاکان شۆیانۆ.. ڕزا شوان

لە ئەمڕۆدا، لە تورکیای ئەردۆگانی دا، تورکیای زیندانیستان، لە سایەی دەسەڵاتکی دیکتاتۆری و فاشستیدا، ژمارەیەکی زۆری خۆکی تورکیا بەدەست بێکاری و هەژاری و برسێتی و کوڕەوڕیەوە دەناڵێنن و بژێوی ژیانیان پێ دابین ناکرێت. زبڵگاکان و سەر زبڵخانەکان دەپشنن و بە دوای بەرماوەی فڕۆدراوی دەسەڵاتدارانی پارتکەی ئەردۆگان (نادادو ناگۆشکردوو)ی قورخکردووی دەسەلاتدا دەگەڕێن.
هەندێ لە چالاکوانان، لە هەندێ تۆڕی کۆمەڵایەتییکانی تورکیادا، چەند دیمەنێکیان بڵاوکردۆتەوە، کە ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی تورکیا لەسەر کۆکردنەوەی جلوبەرگی کۆنەی فڕۆدراوی ناو زبڵگاکان شۆیانۆ. لە بازاڕی شاری (تشاناک قەڵا) دا، کە جلوبەرگی لەبەرکراو و کۆنەی لێدەفرۆشن. دوایش ئەوانەی کە بەکەڵک بێت و نەفرۆشرێت فڕێیاندەدەن و دەیانخەنە ناو زبڵگاکانەوە. ئەمەش هەڵکە بە خۆکییەکی زۆری هەژارانی تەرکیا، کە توانای کڕینی جلوبەرگی نە تازە و نە کۆنیان نییە، وەکو مەرووڵە لەم زبڵگایانەدس دەگەڕێن، بە خێرایان و منداڵەکانیان ئەو جلوبەرگە فڕۆدراوانە کەدەکەنەوە. زۆر جاریش لەسەر پەلاماردانی ئەو جلوبەرگانەی ناو زبڵگاکانی (تشاناک قەڵا) لێیان دەبەت بە شەڕ. وەکو لە سایتی (کورونەس)ی تورکیدا، هەندێ لەو دیمەنانە بڵاوکراونەتەوە. ئەوشیان نووسیوە:" کە ئەمە تەنیا پێڕەیەکی ڕەش نییە لە (تشاناک قەڵا)، بەڵکو بەڕەیەکی ڕەشیشە لە مێژووی تەرکیادا".
بە هۆی دابەزینی نرخی لیرەی تورکییەوە لە چاو دۆلاری ئەمرێکی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخی خواردەمەنییەکان و پێداویستییەکان و هەیکانی گواستنەوە و وزە بەرزتر دەبنەوە. هەندێ تر، بژێوی ژیانی هاوڵاتیانی تورکیا قورستر کردوون.
لەم دواییەدا، ڕێژی هەئاوسانی دراوی تورکی زیاتر (٣٦) لە

سەد دایە، ئەمەش بازنکی گەورەیە، کە نزیکەی بیست ساڵە بە یەکەم جار گەیشتووە بەم ئاستە ئابووو چوونەی. لیرەی تورکی لە چاو دۆلاری ئەمریکییەوە لە ساڵی (٢٠٢١) دا، نزیکەی (٥٠) لە سەدا نرخی لەدەست دا.
لە چەند راپرسی و رای خەڵکی لە شەقامەکانی تورکیادا، پێیان وایە کەلیرەی تورکی زیاتر (١٠٠) لە سەدا نرخی دابەزیوە.
ئاژانسی هەواڵی (رۆیتەرز) لە ئەنجامی ئەو راپرسییەی کە لەگەڵ (٤٩) شارەزای دراودا کردی، پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەمساڵ (٢٠٢٢) دەبێتە ساڵی تاریکی بۆ لیرەی تورکی. پێیان وایە لە ماوەی ئەمساڵدا، تابڵت لیرەی تورکی لە دادەبەزێت.
(عەلی باباجان) ی سەرۆکی پارتی دیموکراسی و پێشکەوتن (دەڤا) لە یەکەمین کۆنگرەی پارتەکەیدا، کە پێش ماوەیەک، لە گەڵەکی (بەشکتاش) لە ئیستانبوڵ بەسترا، وتی: "گەورەترین کێشە لە تورکیادا حکومەتە کە وەڵات بەڕێوە دەبات" ئاماژەی بەوەش کرد و وتی:"گەر حکومەت بگۆڕێت، وەڵات لە تاریکییەکی نوتەکدا، دەگۆڕێت بۆ رووناکی" باباجان وتیشی:"ئەگەر باڵندە بۆ دەمیشیان بگەرن، ناتوانن ئابووری تورکیا رزگاربکەن"
لە کاتێکدا، کە بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی تورکیا، بەرماوەی خۆراک و جلوبەرگی کۆنەی فڕێدەراوی ناو زبڵگاکان و سەر زبڵخانەکان کەدەکەنەوە، ئەردەگان لە کەشکە (٦٠٠) ملیۆنیەکەیدا تەخشان و پەخشان بە پارەی میللەتەوە دەکات. بە فڕۆکە نرخ (٦٠٠) ملیۆنیەکەی لەگەڵ (ئەمینە) خانی ژنیدا، گوزەری وەڵاتان دەکەن و ئەمینە خان بە (٦٧) هەزار دۆلار جانتایەکی دەستی کەی. باکیان پێ نییە خەڵکی ڕەشووت و بە جلوبەرگ ببن و بەبرسێتی و هەناسە ساردی سەربنێنەوە.
ئەردەگان پارەی دەوڵەت بە بەرژەوەندی خۆی و بە بانگەشەی هەڵبژاردن خەرج دەکات بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو (٢٣) دووبارە هەڵیبژێرنەوە.
بەڵام بە پێی چەندین راپرسی، ڕژێ لە دوای ڕژێ، ڕژێی لایەنگرانی پارتەکەی لە نزمبوونەوە دایەوە، ڕژێی لایانگرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لە بەرزبوونەوە دایە. زۆربەی خەڵکی تورکیا هیچ بڕوا و متمانەیەکیان بە قسە زڕەکانی ئەردەگان نەماوە، چونکە تەنیا قسەن کردەوەیان لەگەڵدا نییە.

١٠/ یانوار/٢٠٢٢

رازەکانی ئەوین و هەناسەکانی دەریا.. تێکست: ستیڤان شەمزینی

رازی دووەم

لە ئاسمانی دڵی ئەم شاعیرەدا کەوێ
بەفر ئەبارێت سوور سوور
هەروەک خوێنی ئەو عاشقانەی
بە وشەی خەشم ئەوەی
ئاگر لە جەرگیان هەڵایسا
لە بەیتەکانی ئەم شاعیرەدا رەهەیە
باران ئەبارێت بە لەزمە
هەروەک فرمێسکی ئەو عاشقانەی
لە دووری یەکتر
دەریای ئەسرینیان شەپۆل ئەدا

بە چاوی دڵ ئەتوانم بتبینم
ئەو کاتەی لە پەنجەرەی خەمەوە
ئەوانیتە تابلۆی خەرتاو
ئەو ساتەشی دەرگای ئومێد
بە رووی زامە سەرمەدیەکاندا دائەخەیت
بە زمانی رۆح ئەتوانم بتدوێنم
ئەو کاتەی لەناو کەشتیی خەیاڵدا
گەرانیەکی کەچەریی ئەچێت
ئەو ساتەشی بەدەم بای شەماڵەوە
لانکی ئارەزووەکانم رائەژێنیت

ئەبێت بەم
بە شەمەندەفەری دەتەنگی و
لەگەڵ کاروانی خەمدا
چونکە باڵندەی دەم هەندە تەزیوە
لە تەنوری ئەوینی تەدا نەبێت
لە پەنا هیچ ئاگردانێکدا گەرم نابێتەوە

ئەبەت بەم
بە ئەسپە شکەی شیعر و
هەر خەم و خەیاڵە سەرابییەکانم
چونکە کەشتی ئەو هەموو دوورییە
لە سەمای چاوی تاوسیتدا نەبەت
لە هیچ کەنارێکی تردا لەنگەر ناگرێت

بە هەر کوێ بەم
ئازارێک لە دابەان بە سوڵتر ئەمناسێتەوە
زریکەی پایزێک ئەمگرێتە باوەش
رووبارێکی سەرخەش سەاوم لە ئەکات
رەشەبای مەراق سەراخم ئەکات
بە هەر کوێ بەم
تەشی خەمێکی قووڵ ئەمەسەت
لافاوی غوربەت پوشی ڕەحم ئەبا
کەردی تاریکی لە ڕووناکییەکەم ئەچەقێ
ئەژدیهای تەنهایی قووتم ئەدات
ئیدی بە ئەهەیت بەم؟

ئازیزم بیرتە سەردەمانێک
ئاوم ئەژەنی کاتێک دەریا بووم
ئەستێرەم لە باوەش ئەگرت
کاتێک ئاسمان بووم
شەم لەگەڵ مەحاڵ ئەکرد
کاتێک عاشقت بووم؟
ئازیزم بیرتە سەردەمانێک
بە قەڵەمی تریفە شیعرم ئەنووسی
کاتێک مانگ بووم
بە دەنگی کازیوە سترانم ئەوت
کاتێک خەر بووم
بە گژ قولەی قافی نەریتدا ئەچووم
کە شمشێری عەشقی تەم بەدەستەوە بوو

تەنها ئەوندە دەرفەتم بدەرێ
ڕەحم بە شەونمی ماچەکانت تەڵ بکەم
دەستم بخەمە هەوری سینگتەوە و
لەژێر بارانی چاوەکانتدا بخوسەمەوە
تەنها ئەوندە دەرفەتم بدەرێ

گۆم پێ بڵت لێ خۆی مەسیقای دەنگت
هەناسەم تێکەڵ بە شەپۆلێ پەمەیییکانی
ئەقیانووسی ئارەزووت بکەم و
لە فیردەوسی لێشی رووتتدا
بە نەمریی بمرم!

نامەت بە ئەنووسم
نامەیێک بەنی نەرگزی زوڵفتی لە بڵت
نامەیێک تامی هەنگوینی راموسان بدا
نامەیێک لە نەو هەر حەرفێکیدا
حەزێکی شێتانە خەی تیا مەناس دابڵت
نامەم بە بنووسێ
نامەیێک بەنی سنەوبەری لێشتی لە بڵت
نامەیێک تامی شیلکی باوەشت بدا
نامەیێک لەنەو هەر حەرفێکیدا
خەزگەی لێکئاڵان شاڵاوم بە بهەنێ

دەرگاکەت دامەخێ
بە رووی ئەو شیعرانەی
لە دوورگەی پێ بڕینی عەشقەوە دەن
بە رووی ئەو "با"یانەی
لە رەژهەڵاتی سینگمەوە هەڵدەکەن و
کەشتییێ چارەگەدارەکانی تێ
بە هەمنی بە دەریای شیعردا دەئاژون
دەرگاکەت دامەخێ
بە رووی ئەو نەسیمێ سپییانەی
ئەیانەوێت رەنگی رەژێ رەشکانت بگۆڕن
بە رووی ئەو فانەسێ رووناکانەی
خۆنی من نەوتیانێ و
لە نیگا سیحراوییکانتدا دائێگیرسێن

پەم بۆ ئەستا تێ لە کوێی؟
ئەی خۆنێ ماییکەی شەیدای سەفەر
ئەی پاسەوانی هەسارەی تیشک
ئەی گۆڵ ئومێدی زەمەنی ئافات
پەم بۆ ئەستا تێ لە کوێی؟
ئەی تەزیوترین باڵداری نیشتمان
ئەی جادووگەری بەنازی دێ پێ لە پشکێ

ئەی گەهەکەنی تەرمی تەنهایی

لەسەر لاپەڕەکانی یادەوەریی بنووسە
من وەک باران دەی شاعیرکم خوساند
من بووم گوڵکانی خەم
لە ئینجانەی چاوی شاعیرکدا رواند
منم تەوی میوەی لەزەتم
لە مەزرای دیوانی شاعیرکدا چاند
لەسەر لاپەڕەکانی یادەوەریی بنووسە
شاعیرک هات لەسەر بەرماڵی ژوان
فەری نوەژی عەشقی کردم
شاعیرک هات بە هاناوی نیگا
بەستەڵەکی غروری هەڵپەوکاندم
شاعیرکم ناسی بە لەوی شیعر
شیلەی خومارباوونی هەڵقوڵاندم